## بەياننامە

## بۆ وەزارەتی پەروەردە و پەروەردەی سلێمانی
## بۆ سەرجەم توێژەرانی کۆمەڵایەتی
## بۆ سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن

پەروەردەی سلێمانی ئیستغلالکرا ، بۆ بەدیهێنانی مەرامی سەندیکایەکی ماوەبەسەرچوو

ئەمڕۆ یەکشەممە ٢٥-٣-٢٠١٢ لەرێگەی بەریدی پەروەردەی سلێمانییەوە، نوسراوی ژمارە ٢٠ی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان، بڵاوکرایەوە و نێردرا بۆ قوتابخانەکان، بەمەبەستی ئەوەی توێژەران لەکاتی دەوامی فەرمی کۆبکاتەوە بۆ کۆبوونەوەی سەندیکایەکی ماوەبەسەرچوو.

لە هاوپێچدا دەقی نوسراوەکە دابگرن.

دەقی نوسراوەکەش بەمجۆریە :

"بۆ بەڕێوان سەرجەم توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی بابەت: کۆبوونەوە سڵاوی زانست و پەروەردە

بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چەند پرس و بابەتێکی گرنگی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان داوا لەسەرجەم توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئەندام لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان دەکەین کە رۆژی سێ شەممە ٢٧-٣-٢٠١٢ سەعات ١٠ی بەیانی لە هۆڵی تەواری یەکێتی ژنانی کوردستان ئامادەبن... لەگەڵ رێزدا"

ئەو نوسراوەی سەرەوە ژمارە ٢٠ی بەرواری ٢٥-٣-٢٠١٢ ی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستانی هەڵگرتووە.

ئێمە لە لیژنەی کاتی ئامادەسازی بۆ کۆنگرەو هەڵبژاردن، دژ بەو کارەین، لەبەرئەوەی:

-1پۆست و بەریدی پەروەردە، دامەزراوەیەکی حکومییە و نابێت بەکاربهێنرێت بۆ مەرام و کاری هیچ سەندیکایەك.

-2ناکرێت و نەشیاوە لە ڕێگەی پەروەردەوە نوسراو بڵاوبکرێتەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی توێژەران لەکاتی دەوامی فەرمی بۆ کۆبوونەوەی هیچ سەندیکایەك.

ئێمە دەپرسین لە بەرپرسانی پەروەردەی سلێمانی:

-ئایا چۆن ڕێگەدەدەن بەریدی پەروەردەی سلێمانی کاری دابەشکردنی نوسراوی سەندیکایەکی ماوەبەسەچووی پێ بکرێت، کە زیاتر لە دوو ساڵ تێپەیوە بەسەر شەرعیەتی یاسایی و مەعنەوییدا.

-دەپرسین ئایا چۆن بەلاتانەوە ڕەوایە توێژەران لەکاتی دەوامی فەرمی بانگهێشت بکرێن بۆ کۆبوونەوەی سەندیکایەك، بانگهێشتەکەش لەلایەن بەریدی پەروەردەی سلێمانییەوە دابەش بکرێت.

هەروەها داواکارین پەروەردەیی سلێمانی بەدواداچونبکات و ریگەنەدات پۆستی ئیداری بۆ مەبەستی شەخسی و کاری ریکخراوەیی بەکاربێت و ڕێگەنەدات کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسان. و داواکارین پەروەردەی سلیمانی و گەرمیان تیبکەن کە کۆمەلەی کۆمەلناسان و دەروونناسان

هاوکات ئێمە داوا دەکەین لە سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە لە ڕۆژی ئەو کۆبوونەوەیەدا سەردانی هۆڵی تەوار بکەن و ببینن و بپرسن، چۆن توێژەران بۆ ئەو کۆبوونەوەی ئەو سەندیکایە کۆکراونەتەوە، بپرسن چۆن بەریدی پەروەردە ئیستغلالکرا، بپرسن چۆن لە کاتی دەوامی فەرمی سەندیکایەکی ماوەبەسەرچوو، کۆبوونەوە بە توێژەران دەکات، ئایا ڕای پەروەردە چییە لەو بارەیەوە.

ئێمە بۆیە بەو سەندیکایە دەڵێین ماوەبەسەرچوو، چونکە دوو ساڵە ماوەی یاسایی تەواوبووە، و سەرجەم ئەندامانی دەستەی کارگێڕییەکەی دەستیان لەکارکێشاوەتەوە، ئێستا لە هەوڵداین بۆ هەڵبژاردنو کۆنگرەی سەرتاسەری کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان

لەگەڵ ڕێز

لیژنەی کاتی ئامادەسازی هەڵبژاردنو کۆنگرەی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسان

25-3-2012